


ئیمەیڵ

GR2pap@hotmail.com

پێی بڵێ

ئاخ چاوی بێ نووزە ....

فرمێسکی بێ ناز گلێنەی سور

پێڵوی بێ هێز هەڵنایەت

بۆ عەشقێکی دوور بە دوور

ئەوە بەرەو مەرگ دەڕۆم

توخوا جارێ تر پێی بڵێ

دوور لە ناز و ئەشکی ئەوە..

کە دەچمە ژێر خاکو گڵێ

ئاخر کێ بێت لە کاتی سەرەمەرگمدا...

دەست بخاتە قژی هاتووم

فرمێسکی چاوی بە مەرگ بوم بۆ بسڕێ

تێربگری بۆ ناونیشانی ون بووم

خودا کێبێت لە کاتی گیانی بە شەختە بوم دا

تروسکایی دڵ خۆشیم بۆ بە دی بێنێت

من دەمەوێ لە کاتی گیان شکانەوەشم دا

ئەو لە ئامێزی گەرمم بنێت

توخوا پێی بڵی گەر مردم تەرمەکەم هەر دێتەوە

بۆ باوەشی سلێمانی و بۆ لای دایکی جەرگ سوتاو

بۆلای یاری بێ ناز و جەرگ هەڵبەستراو

با باوەش بکات بە تابوت و کفنی سپی لە خەم دوراو

با سەری کفنم لابات و سەیرێکی ناو چاوم بکات

چونکە ئەو کاتیش چاوم لێک نەناوە

تینووە ، چاوەڕێی بینینێکی ئەو دەکات

چونکە دەزانم مار و مێرو لە ناو خاکدا

چاوم دەردێنێت و کوێرم دەکات

گۆڤەند بێکەس 31/ 7/ 2009

نیو نیگای شۆخێ

ناز دەڕێژی بە دوای جوانی و بەرزی خۆتا

خۆشی و شادیش تۆ لە کوێ بیت هەر لە ڕێتا

تۆ بە دوای کەسدا وێڵنیت ئەم ئێستاکە

منیش شەیدام ، زۆر ئاڵۆزم بۆ ئەو دڵە بێ باکە

کاتێ کە دێیت و ڕادەبووری بەو جێگایە

ئەی هاوێژی بە جووتە چاوە نیو نیگایە

دڵنیابە بەو نیگایە مەلی دڵم تەرە ئەبێ لە هێلانە

ڕادەبوری بە لەنجەولار بۆ عازابی ئەم چاوە پڕ لە گریانە

سیحراوی باڵای بەرزت ، گەردنی کەشت

لەمێژە بۆ جوانی دەم و لێوت جۆگەلەی فرمێسکم دەڕشت

قژی تاڵ تاڵ هاتۆتە خوار بەسەر شان و مل

پەرچەم لادەدەی بۆ نیو نیگای جووتە چاوی پڕ لە کل

پێت بچکۆلە بۆتە کۆڵەکە بۆ پوزی سپی

دەڕۆی وەک شنە بای نەسیم بە ئارامی بە کپی

گیانە ئەوە منیش چاوەڕی ڕۆژێ نوێ ترم

بۆ نیو نیگاو جوانی تۆ دێم ، دێم

بۆئەوەی نیگایەکت لێ وەرگرم

گۆڤەند /2009/8/10

بیرت دەکەم

بیرت دەکەم وا لەرز بۆ خەمت دەگرم

لەشم بێ هێز ، بیرت دەکەم وا دەمرم

ئاخر چی بکەم چۆن بێمە لات ئێستاکە

ڕێگەم سەختە نە بێ ترس و نە ڕوناکە

هێندەش چاوەڕێم کردی چاوەکانم پڕ تەمە

دە تۆ وەرە ، هاتنی من زۆر دژوارە ئەستەمە

خەم لە دڵم زویر نابێ بۆ ساتێ

هەموو جارێکیش خەفەتە کە بۆم دەبێتە شعرێ

دڵم پڕە لە عەشق ، خەفەت تەوقی لێداوە

تەمەنی لاویم دەڕوات و هەرگیز نایەتە دواوە

بیرت دەکەم قوربانی خاک و خۆڵی ڕێگەت بم

ترسی مەرگم لێ نیشتووە ، تۆ بڵێی کە پێت شادبم؟

گۆڤەند / 2009/8/11

دڵت بکەرەوە!!

بە پەرۆشەوە ئەو هەواڵە وەربگرە کە لەلای منەوە هاتووە

بیگرە ئامێزی گەرمی خۆت لە خۆڕایی نەهاتتووە

چاومی تیایە تینووی تۆیە ، هاتووە تێر تێر بتبینێ

بە تۆ نەبێ سارێژ نابێ هیچ زام و هیچ برینێ

وەریبگرە ئەو هەواڵە سۆز و ئەسرینی منی تیایە

هاتووه بتدوێنێ ساتێ بۆت بکات لای لایه

گوڵم ئەو هەواڵە ئاهوو ناڵەی منی تیایه لە غەریبی

ئەزانی چەند بە سوێیە کە بۆ ساتێ لە من دووربی

ئەوە ناز و ئاخەکانمە کە کاتێ زۆر نەخۆش دەبم

ئێ کە دووربم لە سۆزی تۆ هاواری خۆم بۆ کێ ببەم؟

ئەوە کۆمەڵێ شعرمە بۆم ناردویت بەو هەواڵەدا

بیخوێنەوە و لێم تێبگە بێ دەربەستی فڕێیمەدا

چەند پارچە مۆسیقایەک لە ناو دێری شعرەکانم دایە

خۆزگە هێندە وورد لێت دەڕوانین تا وێنەی خۆت تیابدیایە

لە شعرەکانمدا تابلۆی تۆم کێشاوە لەسەر باڵی چەند ووشەیەک

سەرنج لە جوانی خۆت بدە و بیان خوێنەرەوە یەک یەک

ئەوە من هەواڵم ناردووە چاوەڕێی جوابی تۆ دەکەم

گەر مردیشم جوابەکەی خۆت بکە ملوانکەی ملی گۆڕەکەم

گۆڤەند / 5~2009/1/6

"ڕازەکەم

خۆشەویستم ئەوا هاتوم بۆ جێژوانت

دڵم بێ تۆ خۆی ناگرێ

ئەم جارەش واک جارانی تر

پارچەیەک لە خۆی دادەڕێ

ڕازێ هەیە لە دڵمدا

نازانم چۆن پێتی بڵێم

ئەترسم دڵم بشکێنی

ڕازەکەشم لە گۆڕ بنێم

گیانە یەک شعری ساواو

یەک گۆرانی خونچەم پێیە

بە دیاری پێشکەشتی دەکەم

بۆ ئەم سەری ساڵی نوێیە

لەگەڵ خۆشەویستی دڵم

پێشکەشی چاوی تۆی دەکەم

ئەگەر بەو هەستەم ڕازی بیت

دڵیشمت پێشکەش دەکەم

دەی یارەکەم ڕەزامەندبە

تو خواکەی دڵم مەشکێنە

دڵت بکەرەوە بۆ دیاریەکەم

سۆزی خۆشت بباریێنە

قەینا بە نازەوە لێم وەربگرە

نازی زۆر بکە بە سەرما

بەس دەسەکانت مەخە ڕوومو ...

مەرگێکی تریش مەکە بە بەرما

گۆڤەند / 26~2008/12/27

سلێمانی

کە بەیانیان خۆر لێت هەڵدێ

یاری لەگەڵ تیشکا دەکەی

(گۆیژە) بەر چاوی گرتویت و

نایەڵێ جوان تەماشاکەی

**کە خۆر دەردەکەوێ ڕەنگێکی پڕ لە ئاڵتونی**

**ئیتر تۆش بە جریوەی چۆلەکەو**

**بە جوانی سروشت دەیدوێنی**

**ئای چەند جوانی سلێمانی**

**لە نیوەڕوان باخچەکانت پڕە لە سەوزی و لە جوانی**

**مێشک و دڵ دەهەژێنێ بۆنی خۆشی گوڵەکانی**

**بە تایبەتی باخی سەر سەوز باخی گشتی**

**کە بەشێکە لە جوانی تۆ ئەی شارەکەم سلێمانی**

**ئیتر بۆ عەسری فێنک دەڕۆین**

**بە توی مەلیک و گۆران و مەولەوی و**

**پیرەمێرد و سالم دا تێدەپەڕین**

**لەگەڵ هەنگاوی پێماندا ئێمەش گۆرانی دەچڕین**

**پۆل پۆل هاوڕێیان دێنە خوارێ**

**بەو جێیانە بە پێکەنین و دوو قوڵی**

**بە جوانی و قەشەنگی سروشتەکەت**

**هەموو کەس دەکەوێتە بیری قوڵی**

**گیانە ئێوارەو عیشا دێنە کۆڕێ**

**بەماڵئاوایی خۆری پڕ زێڕین**

**سەرتا پا شار بۆ جوانیەکی تر دەگۆڕێ**

**خۆر دەڕوات و مانگ و ئەستێرەی شەرمن دێ**

**لەگەڵ جوانی مانگی بە شەوق و ڕەنگ زەرد**

**ئەستەرەکان وەک چاوی یارم دەدرەوشێنەوە**

**لەگەڵ کزە بای نەرم و فێنکدا**

**ئەوانیش زیاتر لە ئاسمانی تار دەدرەوشێنەوە**

**سلێمانی تۆش بەسۆزی وەکو دایکم**

**پیرەمەگرون و قەرەداغ و گۆیژەت خۆشدەوێ**

ئیتر کاتی خەو سەریان دەکەیتە سەر سنگت

بۆ ئەوەی بە ئارامی تا بەیانی خەویان لێبکەوێ

گۆڤەند / 24~2008/12/25

## ماچ!!

ووتم خۆشەویستم من زۆر زۆرم حەز لە ماچە

تۆش ووتت ئەوە لێوم بە لێوی خۆت هەڵیپاچە

گیانە لە بیر ناچێتەوە ئەو ساتەی بۆ یەکەم جار ماچم کردیت

شەرم و لەرز دایدەگرتیت ئەو کاتەی لێوم بۆ گەزیت

قوربانی لێوانت بم کە وەک گوڵ ڕەنگی ئاڵ بوو

نە سوراوێ نە شیلەی دەم کە هیچیانت لێ نەدابوو

گەرچی لێوەکانت وشک بوو لە تەڕایی بێ بەریبوو

بەس بە تێکەڵ بوونی لێومان چەندەها شتی جوان دروست بوو

دڵ ترپە ترپی دەکرد و قاچمان دەهاتە پێشووە

دەستمان لە ملی یەکتر داو لێومان نوسابوو پێکەوە

من لە شیلەی نێو دەم و لێوتم زۆر خوواردەوە

بەڵام سەبووریم نە دەهات ئاهم بە بەر نەهاتەوە

بۆیە دەمویست لێوەکانم بە ئەسپای لە لێوەکانت بەربدەم

بەڵام تۆ ئەی ناشرین دەتوت من لێوم بەرنادەم!

ئای چەندە جوانە عەشق کە دوو ماچی ئاوای تیایە

درەوشانەوەی ژیانیش گیانە لە دوو عەشقی ئاوادایە

بۆیە دەڵێم ماچێکی تر با ئەم جارە زۆر دڵ گیر بێ

یەکەم ماچمان چەندە خۆش بوو با ئاخیر ماچ لەو خۆشتربە

با ئاخیر ماچ لەو خۆشتر بێ

گۆڤەند / 23~2008/12/24

## من نابم بێ تۆ!!!

دەڵێن عەودال بویت بۆ من

کە کاتێ سەفەرم کردووە

وەک و شێتێ گەڕاویت بۆم

پەنات بۆ زۆر شت بردووە

**ڕێبواری زۆر ڕێگەی دوور بووی**

**کە گوایە هەواڵی منی لێیە**

**ڕەسم و نامەکانیشمت پێبووە**

**کە ڕووت کردۆتە هەر جێیە**

**دەڵێن ڕۆژگارەکانی دوای من**

**لە ڕێی مەکتەب زۆر گریاوی**

**یادگاری و شوێنی جێژوانمان**

**گەلێ ئازاری ئەو دڵەی داوی**

**هەموو ڕۆژێکیش هەر وەکو جاران**

**ماچ بۆ جێگاکەم هەڵدەدەی**

**لە باتی دڵ خۆشی و پێکەنین**

**هەر گریان و هەنسک ئەدەی**

**وەک جاران خۆشت جوان ناکەی**

**قژی خاوت داناهێنی**

**لە جێگای جلی سەوز و سور**

**هەر جلی ڕەش بەکاردێنی**

**دەڵێن لە سێ ژەم یەک ژەم خواردن**

**چۆتە سەر زاری شیرینت**

**لە بری ئاو فرمێسکی خۆت خواردۆتەوە**

**بۆ تینوێتی عەشق و ئەوینت**

**بۆیە گیانە ئەم جارە هاتوومەتەوە بۆ لات**

**ئیتر بەجێت ناهێڵمەوە**

**نات خەمەوە ئەو ئازارە و**

**چی تر دڵت ناکێڵمەوە**

**دە با هەردوک ببین بە نەمامێ**

**ڕەگ بچێنین لەنێو دڵی یەکتریدا**

**بۆیە هیچ گەردەلوول و زریانێ**

هەڵمان نەکەنی لە بندا

2009/1/2~1 / گۆڤەند

## هەواڵێک بۆ مردوویەک

لە دوای کۆچی ئێجگاری من بۆ نا و گۆڕی تەنگ و تاریک

بۆ ناو مار و مەروویەکی زۆر بۆ شوێنێکی ئجگار باریک

گیانە هەواڵی کۆچی سورت هاتە سەر باڵای گۆڕەکەم

کەواتە بەڵێنەکەت درۆ بوو لەو دنیاش چاوەڕێت نەکەم

دییە پڕ لە خۆڵەکانم ، چۆن توانیت کە من لە یاد کەیت

من کفنم کردۆتە بەرم تۆ چۆن توانیت جلی بوکێنی لەبەر کەیت

گیانە سارد و سڕەکەم من پەنجەی ئەڵقەم مێروو خواردی

تۆش ئەڵقەی کەسێ ترت لە دەست کرد کە من جوابی مەرگی خۆم بۆ ناردی

گیانە ڕاستە ئێستا من لە ژێر دوو مەتر خاک و خۆڵدام

لە شەوانی سەرماو سۆڵە من لەبەر ئەو زوقم و زریانەدام

گەرچی ئێستا تۆش منت لە دڵی خۆشتا لە چاڵ ناوە

بەڵام دڵنیابە دڵنیابە کە من دڵم هەر زیندووە و بۆ تۆ ماوە

لەبەر خۆشەویستی ناو دڵمە کە پێت دەڵێم پیرۆزت بێت

بەڵام من وام فێر نەکردیت کە هەواڵی بێوەفایت چەپکە گوڵی سەر گۆڕم بێت

20/12/24~23 / گۆڤەند

## ئەمشەو...

ئەمشەو شەوێکی سەرمایە

دنیا کشو ماتە لێرە

چاوەڕێی دەنگێکی تۆم

یان هەواڵێکت بنێرە

لە ژوورێکی بچکۆلانە

لەگەڵ ئەو مۆمە سوتاوە

کە چەند ساڵە بەو شێوەیەم

ژیان خۆشی لێ براوە

گیانە ئەوا ئێستا....

پەڕۆیەکی دڕاو لەسەر شانمە

کڵاوەکەش شیبۆتەوە لە سەرمداو

لەم وڵاتە شەختە گیانمە

پێنووسەکەم بە دەستەوە...

لێم دەکەوێتە خوار زوو زوو

دەمەوێ شعرێ بنووسم

بۆ ئەو جوانیەی کە هەت بوو

بەڵام خۆ ئازاری دوریت

لەگەڵ ئەم زوقمە نایەڵێ

ئەم لێوە شین هەڵگەڕاوەم

دوو ووشەی جوانت بۆ بڵێ

دە هەوالێکت بنێرە

با جەستەم ئاهێکی پیابێ

یان بۆنێکت بدە دەم با

با تەواوکەری ئەم شعرەم بێ

گۆڤەند / 2008/12/29

(جوانی شەو)

ئەی جوانی...

جوانی لە تۆ دروست بوو قوربان

ئەی تروسکایی...

تروسکەی ئەستێرە وردەی شەوان

ئەی زوڵف ڕەش...

ڕەشتر لە شەوی ژێر دەواری ڕەشماڵان

ئەی چاو بە کل...

ئەو کلەت دەوایە بۆ دیدەی نابینایان

سا توخوا...

لەم شەوە زەنگە چاو هەڵبێنە

دڵ کۆیلەیە...

بۆ جونی تۆ دە دەی توخوا چاو هەڵبێنە

بە وریایی تەماشامکە...

ئەم پێکێ تیری بێ بەزەیی دەم دەم

دە وریابە...

برژانگت مەهاوێژە بێ خەم

ئەوە شەوە...

بای نەسیم دەیدا لە ژێر زوڵفت

دە واز بێنە...

با دەرکەوێت سحری ئەو شان و گەردن و ملەت

با دەرکەوێ...

گوێچکەی یاقوت لە تاریکی زوڵفی تار دا

با بپرژێ...

بۆنی زوڵفت بەسەر عارەق و گەردی جەستەمدا

دنیا خامۆش...

چەمکی کراس دەخاتە دامێنی پشتوێن

دەردەکەوێ...

قاچی بچوک ، پاژنە پەمەیی بە خوێن

منێش چاوەڕێم...

بێیتە پێشێ ماچم بکەی هۆشم ببەی

دە هەتا کەی...

چاوی شەرم لە نێو ئەوینمان لانابەی .

گۆڤەند /2009/8/15

(ساتێ لە شەو)

ئەوە شەوە خەمی دوریت ڕا کشاوە لەسەر جەستەم

یادگاری و خۆشی ئەوسایە دەبێتە چەند دێڕێک بەستەم

دڵنیابە بیری چاوتە ، بیری لێو و زوڵفی خاوتە

ئەو عەشقەی هەتبوو لە دڵما ، دڵنیابە ئێستاش ماوتە

دایمە دڵم کاروان چی بوو نازی نازدارتی لەسەر کۆڵ بوو

جەستەو دڵی شەیدام بە خۆت،بۆ سەر ڕێگەت تۆزێ خۆڵ بوو

ئەزانم لەبیرت ماوە ئەو ساتەی لێومان دایە دەستی ماچێ

تامی شیرینی ئەو جوتە لێوەت لە مێشک و دڵم هەرگیز دەرناچێ

بۆیە گوڵم توخوا لەیادی مەکە ئەم خۆشەویستیە پڕ خەمە

وا ئەمجاریش شعرێ هەڵقوڵا بۆت ، لە دڵی پڕ حوزن و ماتەمە

گۆڤەند/2009/8/17

ناگۆڕێم

ئەوا زەمەنێ خۆری بێ تۆییم ئاوا کرد

ئەوا مانگی بێ ڕەنگم زەردە بە پەل پەلکێشی کرد

ئەوا فرمێسکی مانگێکم لەژێر پێڵو قەتیسناوە

هەرواش شعر و وشەی جوانم لەنێو گەروم حەشارداوە

نە ئەمتوانی هەنگاو بنێم بۆ گەشت و بۆ ڕێگەی وێڵم

نە ئەمتوانی بۆساتێکیش دیاریەکانت بەجێبێڵم

گەلێ وێڵ بووم لە کەناری دەریای خەما

بۆ زەڕەیە ئاسودەیی وەک دەنکە مرواری لەژێر لما

بەڵام گۆنا هەناری بێ ئامانج بوو گەڕانم

هاتمەوە ژێر سیای زوڵفت من کەی دەرحەق بە گۆڕانم

گۆڤەند/8.2009/25

لەلایەن شاعیرەوە پێشکەش بە ماڵپەڕی بەکرەجۆو هەموو خوێنەرانی کراوە، لەگەڵ ڕێزی بێ پایانمان بۆی